ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ڕێپێوانەکەی کۆمەڵەی خوێندکاران بە بۆنەی ٢٩ یەمین ساڵیادی، ڕێپێوانی سەیر لە وڵاتی شتە سەیرەکاندا

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بانگەوازێکی بلاوکردەوە بۆ خوێندکاران کە رۆژی ٢٦ی ٤ی ٢٠٠٥ رێپێوانێکی گەورەو فراوان بۆ خوێندکاران ساز دەکات لەیادی ٢٩ یەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵە ساز دەکرێت کە لەبەردەم بارەگای کۆمەڵەوە دەردەچێ‌و دەچێتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران و لەو رێپێوانەدا ژمارەیەك داواکاری دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەن. کوردستانی نوێ ئەو هەواڵەی بلاوکردەوە لە ژمارەی رۆژی ٢٠٠٥/٤/٢٦.

پرسیارێکە هەقە بکرێت: وا کۆمەڵە نیازێتی رێپێوان ساز بکات، ئەی چۆن ئەوەی زانی کە رێپێوانێکی گەورەو فراوان دەبێت؟ وەڵامە سادەو ئاسانەکە ئەوەیە کۆمەڵە وای داناوە بەزۆرە ملێ خوێندکاران راپێچی ئەو رێپێوانە بکات و بەزۆر قەرەباڵغی بکات. ئەمەش رەفتاری یەکێتیی قوتابیانی حزبی بەعسمان دەخاتەوە یاد کە قوتابیانی راپێچی رێپێوان‌و یادەکانی خۆی دەکرد. بەڵام هەروەها ئەوەشمان دێتەوە یاد کە چۆن بەعس رێپێوانی ئامادە دەکردو پێشوەخت لەرۆژنامەکاندا رایدەگەیاند: ((سبەینێ رێپێوانێکی جەماوەری دەردەچێ)).

ئەو کەسەی رێپێوانەکەشی بینیبێ دەیزانی ئەمان چۆن کۆکراونەتەوە کە جگەلە دەرهێنانیان لە قوتابخانەکان زۆربەیان قوتابیی هەرزەکاربوون و ئەم دەرچوونە دەرفەت بۆ دەرباز بوون لە قوتابخانەو پیاسەکردن دوور لەو دەوامەی لێی بێزارن.

بەهەر حاڵ رێپێوانەکەی کۆمەڵەی خوێندکاران کراو قوتابیان لە قوتابخانەکانیان هێنرانە دەرەوە بۆ یادی ئەو رێکخراوەی سەر بە حزبێکە، کە یەکێتیی نیشتمانییە نەك رێکخراوێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام ئایا داواکارییەکان چی بوون؟ داواکارییەکان ٢٤ دانە بوون کە بەشی زۆریان دووبارەن و یەکەم جار نییە بوترێن و بەشێکیان شتی گشتین، لەمەشەوە دیارە مەسەلەکە داواکاریی قوتابیان نەبووەو خزمەتی ئەو توێژە نەبووە بەڵکو تەنها نمایشەو پرۆپاگەندەی حزبییە لەیادی دامەزراندنی ئەو رێکخراوە. بەڵام ئەمانە هەموو بخەرە ئەو لاوە چونکە لەو ٢٤ داواکارییە هیچیان تایبەت نەبوون بە سستەمی هەڕەمەکی و نایاسایی (قبوول خاص) لە زانکۆ کە یەکێکە لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی خوێندن و گەندەڵ کردنی کەشوهەوای ئەو خوێندنە، بەڵکو مەسخەرەیەکە بۆ خۆی. باشە کە کۆمەڵەی خوێندکاران هێندە بەپەرۆشە بۆ خوێندن و خوێندکاران بۆچی لابردنی ئەو سستەمە جێگەی نەبووەوە لەو هەموو داواکارییانە؟

هۆی ئەمە دیارە: کۆمەڵەی خوێندکاران سوودمەندی یەکەمە لەو سیستەمە لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی خۆی سوودمەندن و ئەو سستەمە تەماعە بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی بچنە ریزەکانی ئەو رێکخراوە ((خەباتگێڕە))، کە لەڕاستیدا هۆکارێکی گەورەیە بۆ پاشەکشەو دواکەوتنی کاری رێکخراوەیی قوتابیان وەك بەشێك لە دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. هەمووشمان دەزانین کە کۆمەڵگەیە مەدەنی ئەو تەنە کۆمەڵایەتییەیە کە لەنێوان تاك و دەوڵەت دەوەستێ و ناهێڵێ دەوڵەت تاکەکان داپڵۆسێنێ بەڵام کۆمەڵەی خوێندکاران و هەموو رێکخراوەکانی تر وەك سەندیکان و یەکێتییەکان.. موڵکی دەسەڵات و حزبی دەسەڵاتدارن بۆیە دەبنە یەك لە ئامێرەکانی داپڵۆساندن، هەر یەك بە جۆری خۆی و هەر یەك بە ئەندازەی خۆی، کۆمەڵەی خوێندکارانیش کاراترین ئامێرە لەو جۆرە چونکە نەك تەنها دەسەڵاتی کوردی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

بەڵکو هەموو دەسەڵاتێك لە چەشنی ئەو تەرکیز دەکاتە سەر قوتابیان لەبەر چەند هۆیەك: ئەو توێژە فراوانەو بەردەوام تازە دەبێتەوە واتە ساڵانە هەزاران کەس دەبێتە قوتابی و کە ئەوان خوێندن تەواو دەکەن هێندەی ئەو ژمارەیەو لەوەش زۆرتر دەچنە جێگەیان، هۆیەکی تری تەرکیزکردنیش لەسەر قوتابی ئەوەیە ئەوەی ئەمڕۆ قوتابییە سبەینێ لە دەزگایەکی حکومەتدا کار دەکات بۆیە قسەیەکی بەعس ئەمە بوو: لاوان دەهێنینە ریزمان تا دواڕۆژ مسۆگەر بکەین. هۆیەکی تر ئەوەی قوتابی بە حومنی ئەوەی لاوە دلگەرمەو ئامادەیە کاری خۆبەش بکات و تەنانەت قوربانی بدات.

هەموو ئەوانەش وایان کردووە دەسەڵاتە تاکڕەوەکان بە تەماع و بە ترساندن قوتابیان بکەنە ئەندامی یەکێتییەکانی قوتابیانی خۆیان. ئێمە کە ڕۆژانی بەعسمان بینیوە تووشی ئەو کەسانە ببووین کە بەردەوام دەیانویست بمانکەنە بەعسی و بچینە ناو یەکێتیی نیشتمانیی قوتابیان کە یەکێك بوو لە ڕێکخراوەکانی بەعس. ئەم تەماع خستنە بەرو ترساندنە کەم تا زۆر لە هەموو دەوڵەتەکاندا هەیە.

هۆکارێکی دیکە لە پشت سازدانی ئەو ڕێپێوانە بریتیە لەو ناکۆکییە گەورەیەی کەوتۆتە نێوان ریزەکانی کۆمەڵە کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتییە لەبەر ئەوە ڕێپێوانەکە وەڵامێك بوو دژی ئەو ئەندامە گەورانەی کۆمەڵە کە وازیان هێنابوو و ئەوانەی بەتەمای واز هێنانن بەڵام ئایا ئەمە چۆن وەڵامێك بوو؟